

# پەیڤێک

ئالانا ماری لیڤینسۆن لابرۆس

لە پایزی ٢٠١١ دا گەیشتمە سلێمانی چونکە پێشتر بیستبووم شەقامەکانی ئەم شارە بە ناوی شاعیرەکانییەوە ناونراون. هەر کە گەیشتمە سلێمانی، دەستمکرد بە فێربوونی سۆرانی و تێگەیشتن لە فەزای ئەو شاعیرانەی لە دەورم بوون. بینەری کۆڕی شیعر خوێندنەوەی عەبدوڵا پەشێو بووم کە لەو ساڵەدا لە زانکۆی سلێمانی بۆی سازکرابوو . ساڵی دواتریش چاوم بە شێرکۆ بێکەس کەوت و کۆڕێکی خوێندنەوەی شیعرمان لە زانکۆی ئەمریکی بۆ سازکرد. دوانیوەڕۆیەک هەلی ئەوەم بۆ ڕەخسا لەگەڵ دلاوەر قەرەداغی دابنیشم، سەرسام بووم بەو ئارامییەی لە هەوای دەوروبەریدا بۆ خۆی دروستی کردبوو. هۆڵی پێشوازی هۆتێلی سلێمانی پاڵاس بە ژاوەژاوی هۆڕن و دەنگی ئوتومبیلەکانی سەرشەقامەکە پڕ ببوو، بەڵام ئەو ئارام و بە ئاگا لە جێگەکەی خۆی دانیشتبوو. ساڵانێکی دواتر بۆم دەرکەوت کە چەندێک گرانە دۆزینەوەی ئەو ئارامییە و بەدەستهێنانی، ئارامییەک کە مانەوەی ئاسان نییە، بەتایبەتی بۆ کوردێک.

دلاوەر قەرەداغی لە ساڵی ١٩٦٣ لەدایک بووە و شانبەشانی خەباتی کورد بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە ناو دەوڵەتی عێراقدا گەورە بووە. ساڵەکانی گەورەبوونی چ وەک ئینسانێک و چ وەک شاعیرێک، هەڵمەتی جینۆسایدی کوردەکانی لەلایەن ڕژێمی سەدام حوسەینەوە ئەزموون کردووە: وەکو ئەنفال، کە بووە هۆی ڕاگواستنی بەکۆمەڵی کوردەکان، چۆڵکردنی تەواوی گوندە کوردنشینەکان، دیارنەمانی ئەو گەنجانەی کە تەمەنیان بۆ جەنگ شیاو بوون، بۆمبارانکردنی کوردەکان بە چەکی کیمیایی، لە دیارترینیان بۆمبارانکردنی هەڵەبجە، هەروەها بینینی ڕاپەڕین و جەنگی ناوخۆ و دروستبوونی حکومەتی کوردییش. ئەمە لیستێکی ماندووکەری ئەو ڕووداوانەیە کە تەنها چیرۆکی سی ساڵی سەرەتای ژیانی دلاوەرمان بۆ دەخاتە ڕوو. شیعرەکانی دلاوەر ئاوێنەی ئەو هەرا و پشێوییەیە کە لە دەوروبەری ئەو هەبوون بەڵام وەک خۆیان نا، بەڵکو بە تێڕوانینێکی جیاواز. شیعرەکانی دلاوەر حەقیقەتی ئازار و هیوایەک پیشانی خوێنەر دەدەن کە لەودیو هەواڵ و بەڵگەوە، لەنێو زیهنییەتی فراوانی تاکدا بوونیان هەیە. لە شیعری “باوکە، پەنجەرەکە بکەوە / قسەیەک لە دڵمدا ماوە / دەیڵێم....! ” ( ٢٠٠٢ )، دەڵێت،

باوکە.. باوکە
پەردەکە دابەرەوە
یارمەتیمدە بگریم
یارمەتیمدە گەرم ببمەوە
هانمدە.. شتێک بگێڕمەوە،
پڕ بێ لە بەفر و لە بێدەنگی و
لە دڵەکوتە
بۆم باسکە
کوێی ئەم حیکایەتە سەرەتایە و
کوێی کۆتایی؟

لە شیعری " ڕۆژێکی درێژ " ( ٢٠١٨ )، پێداگری لەوە دەکات کە هەر ڕۆژێک بەشێکە لە ڕۆژێکی بێکۆتای تر. کات، هە روەک چیرۆک لە شیعری " باوک " دا، سەرەتا و کۆتایی نییە، تەنها بازنەیەکی بێکۆتایە. شاعیرەکە لە کۆتاییدا غەمبارانە دانی پیادا دەنێت، "من پشکم نییە لە شوێن/ هێشتا ئەو گێژەڵووکە ڕەنگاوڕەنگە کێوییە لە گوێمدا دەگڤێنێ." لەهەمان شیعردا، دلاوەر وێنای ئەوە دەکات کە خەڵکی لە ناو تەمدا وەستاون، دەستییان بەرزکردووەتەوە، دڵنیانین لەوەی کە ئەم دەربڕینە سڵاو بێت یاخود ماڵئاوایی. کات، گێڕانەوە، تەنانەت تێگەیشتن لە شوێنیش بە پەنهانی لای شاعیر، لای کوردەکانیش دەمێننەوە. دلاوەر بۆ تۆمار کردنی هەستی ڕاستەقینەی کوردبوون پەنا بۆ شیعرنووسین دەبات.

بەشێک لەو ئارامییەی دلاوەر ئەزموونی دەکات لە پێداگریی ئەوەوە بۆ وێناکردنی جیهانێکی ئەڵتەرناتیڤ بۆ خۆی و بۆ نەتەوەکەی، سەرچاوە دەگرێت. لە شیعری "ئەو گوندە" (١٩٩٣) وێنای گوندێک دەکات کە تیایدا کوکووختییەکان خۆیان بۆ بەڕێوەبەرایەتییە حکومیەکان دەپاڵێون، کە تیایدا خۆر لە خۆر هەڵاتەوە هەڵدێ و لە خۆرئاواوە ئاوا دەبێ، تیایدا "قەدەر پیاوێکە گەنم ڕەنگە/ نیوەڕوان بە فیکە لێدانەوە/ بە ژێر سێبەری دارهەنارەکاندا/ ڕەت دەبێ." خەڵکی ئەو گوندە، هیچ دەربارەی سادەترین بەکارهێنانی بیرکاریی نازانن، بەڵام بە هەناسە ساڵڕۆژی پشکوتنی گوڵە قەرسیلییەکان دەژمێرن. کاتێک کارەساتێک ڕوودەدات، "خەڵکی ئەو گوندە/ دەبنە میوانی گەردەلوول/ وردو درشت، گیرفانیان پڕ دەکەن لە سێبەر و هەور و/ هەتاو/ کەچی لەو سەرەوە/ بە باوەشی ئەستێرەوە دێنەوە." وەک چۆن لە جیهانی دلاوەر خۆیدا توندوتیژی بوونی هەیە، لە شیعرەکانیشیدا بەهەمان شێوە، توندوتیژی و غەمباریی هەیە، بەڵام شاعیر ڕێگە نادات خوێنەرەکەی لەو هەلومەرجەدا بگەوزێت.

لەبری ئەوە خوێنەرەکانی بانگهێشت دەکات بۆ دنیای خەیاڵکردن، کە تیایدا دەکرێت گەورەترین باری نائەخلاقیی بە جۆرێکی تر خەیاڵ بکرێت، دەکرێت گەورەترین ئازار شێوەی خۆی بگۆڕێت. لە شیعرێکی نوێیدا، "هەوای تازە"، شاعیر قسە لەگەڵ (تۆ) یەکی نەناسراو دەکا. ئەم (تۆ) یە، کە دەکرێت سەدام، بەعسییەکان، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئەمریکای ترەمپ، یاخود سەرکردەکانی کور دبن، هەوڵ دەدات قسەکەر دابڕێنێت لەو شتەی پێویستییەتی بۆ مانەوە: نان، هەوا، تیشکی خۆر.

بەڵام دیسان و دووبارە، شاعیر بە ( تۆ) پێدەکەنێت، (تۆ) نانت بڕیم، بیرت چوو من بە هەواش دەژیم. هەوام لێ دەگریتەوە، نازانیت من هەتاویش هەڵدەمژم. هەموو هەتاوەکە دەدزیت، خەیاڵی ئەوە ناکەیت کە من بە بارانیش دەنووسم. گرنگ نییە چی دەکەیت، دەتوانم بە خەیاڵی داهێنان و بڕوا و سەرچاوەی زۆرەوە بەرەو پێش بچم. باڵی فڕینم بکە، من بە خەیاڵ دەفڕم. ئاگرم لێ بشارەوە، من بە زریان خۆم گەرم دەکەمەوە. دوژمن لەم شیعرەدا مێشکێکی لەوە تەسکتری هەیە تا بتوانێت لە هەژاریی خۆی تێبگات. شاعیر دەتوانێت بەرگری کردنێکی ڕەها فەراهەم بکات چونکە ئەو بە قوڵیی ڕۆح دەژی نەک بە خوراکی زەوی.

لە شیعری "تەنها وشەیەک بەس بوو" (٢٠١١)، شاعیر خوێنەرەکانی دڵنیا دەکاتەوە کە تەنها یەک وشە بەسە بۆ دروستکردنی ئارامییەکی سەربەخۆی دەست لێ نەدراو:

وشەیەک لە دەرەوەی لەهجە
لە دەرەوەی ڕیتۆریک
لە دەرەوەی میرنشینەکان
لە دەرەوەی دروشم و هوتاف و هەراوزەنا و
پەیڕەو و پڕۆگرام...
وشەیەک خۆش
وەک ناوی بچووککراوەی تۆ و مێوژ و زیکزیکە و
ژیژک و بەرسیلە و باران

تەواوی جیهان لەناو یەک وشەدا دەژی. تەواوی جیهان لە ناوی بچووککراوەی تۆدا بوونی هەیە، لەناو کشمیشێکدا. گۆڕانکارییە سیاسییەکانی زەمەنی دلاوەر چاوە شاعیرییەکەی پەروەردە کردووە بۆ بینینی هێزی خەیاڵکردن و زمان، بۆ دروستکردن و مەیلکردنی ئارامیی.

لە شیعرەکەی ئازاد سوبحیدا کە لە ساڵی ١٩٩٦ "بۆ دلاوەر قەرەداغی" نووسیوە، دەڵێت:

هاوڕێم... پەپوولەیەک لەسەر قەڵەمەکەتە
ئاگاداری بە
هیچ ڕێگەیەک نەماوە تاریکیی نەبێ
هیچ سنوورێک نەماوە تاریکیی نەبێ
ئەم مامۆستایە قەڵەمەکەت نابینێ
کوان پەپوولەکانت؟ کوان کوردەکانت؟
تۆش هەموو تاریکییەکانت بکەرەوە
با دوایەمین دەرگاشت لێ بزر نەبێ

سوبحی توانای ناسینەوەی ئەو هاوسەنگییە ناسکەی هەیە کە لەسەر قەڵەمەکەی دلاوەر پشوو

دەدات، بەڵام مامۆستاکانی نا. سوبحی فەرمان بە دلاوەر دەکات: ئاگاداری پەپوولەکەت بە، با مەیلت لای هاوسەنگیی و ئارامییت بێت چونکە مامۆستاکانت پەپوولەکەت نابینن، ئەو هاوسەنگییە نابینن کە دەبێت بۆ مانەوەت، یاخود گەشەکردنت، بیخولقێنیت. لە ڕاستیدا دلاوەر ئەو ساڵانەی کە لە شیعردا بەسەری بردوون هەر هەمان کاری کردووە: چاوێکی لەسەر تاریکیی دەوروبەری بووە و چاوێکیشی لەسەر ئەو ئارامی و هەلانەی کە لە ناو زماندا بوونیان هەیە. ئەم کۆکراوەیە بەرهەمی سێ دەیەی شیعریی لە خۆگرتووە، تیایدا ئەو شیعرانە دەبینینەوە کە دەیانناسین و خۆشمان دەوێن، هەروەها کارە نوێیەکانیشیمان پێدەناسێنێت. لە تەواوی ئەم پەڕانەدا، خوێنەر بە گەرمییەوە پێشوازی لێدەکرێت بۆ ناو ئەو دونیایانەی کە دلاوەر دروستیان دەکات و هانی خوێنەر دەدات ئەو ئارامییە ئەزموون بکەن. هیوادارم هەموومان میوانی زەمینلەرزەی شیعر بین، بە وردو درشتییانەوە. هیوادارم هەمووان ئاگاداری پەپوولەکانی خۆمان بین. هیوادارم هێندە ئازا بین کە هەموو تاریکیمان بکەینەوە تا دوایەمین دەرگاکانمان بپارێزین.

لە ئینگلیزییەوە: پشتیوان کەمال